# گەل ڕۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (190) یەکشەممە 2007/8/5


## جەعفەری دەیەوێ پۆستی سەرکۆماری لە کورد بسەندرێتەوە

هەواڵەکانی وڵاتانی کەنداو ئاشکرایان کردووە کە برایم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق هەوڵ دەدات پۆستەکەی وەدەست بێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کار لەسەر هێزە سوننەکان دەکات و دەیەوێ سەرنجی ئەوان بەلای خۆی دا رابکێشێ، بۆیە پێشنیاری کردووە کە پۆستی سەرکۆماری لە کورد بسەندرێتەوەو بە عەرەبێکی سوننە بدرێ!

بەگوێرەی هەواڵەکان برایم جەعفەری مەرجی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و کارکردن بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک و بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی بە پۆستی سەرکۆمارییە گرێداوە، بۆ جێبەجێکردنی مادددەی 140 پێشنیاری کردووە کە کورد واز لە پۆستی سەرکۆماری بهێنێ و شوێنەکە بۆ عەرەبێکی سوننە چۆل بکات، بەڵام نەزانراوە کە ئایا جەعفەری ئەو پێشنیارەی بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان گەیاندووە یان نا؟! ناشزاندرێ کە ئایا کورد بۆ کەرکوک واز لە پۆستی سەرکۆماری دەهێنێ یان نا؟!


ل3 هاوپەیمانی کوردستان لە گرنگی کشانەوەی تەوافق کەم دەکاتەوە

ل4 پاکڕاگرتنی پارکەکان ئەرکی سەرشانی هەمووانە

ل5 تیرۆر یەخەی کەرکوک بەرنادات

ل6 کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوەشانەوەی خێزانی لێدەکەوێتەوە


# نەوشێروان مستەفا پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەردەگرێ

سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی هاوران و دەیانەوێ کە نەوشێروان مستەفا پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان لە دوایین دیداری نێوان تاڵەبانی و نەوشێروان دا ئەو مەسەلەیە باسی لێوەکراوە، بەڵام نەزاندراوە کە ئایا ئەو ئامادەیی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پێشان داوە یان نا؟!

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتای مانگی شوباتی داهاتوودا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، بەوهۆیەوە پۆستی سەرۆکی حکومەت بە کاندیدی یەکێتی و پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش بە کاندیدی پارتی دەسپێردرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و پێشخستنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، نەوشێروان مستەفا بە کەسێکی شیاو دادەنرێ، هەرچەندە کە نەوشێروان مستەفا پێشتر ڕیبەرایەتی هێڵێکی ناو ململانێکانی ی.ن.ک دەکرد، بەڵام زۆرێک لە کادیرانی یەکێتی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە لایەنگری لێدەکەن، تەنانەت لەنێو خودی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا ئەو بە کاندیدێکی لێهاتوو پێشوازی لێدەکرێ.

بۆ سەر ڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە پەیامنێری ڕۆژی گەل چەند جارێک هەوڵی دا و بە تەلەفۆن پێوەندی بە نووسینگەی کاک نەوشێروان مستەفاوە کرد، بەڵام وەڵامی وەرنەگرتەوە.

## بایدێن: پێکهێنانی هەرێمی نیوە سەربەخۆی کوردستان لە بەرژەوەندی تورکیا دا دەبێ

"**جۆزێف بایدێن**" سێناتۆری پارتی دیموکراتخوازی ئەمریکا لە لێدوانێک دا جەختی لەسەر پێکهاتنی هەرێمێکی نیوەسەربەخۆی لە باشووری کوردستان دا کردۆتەوەو ڕایگەیاندووە کە هەرێمی نیوە سەربەخۆی کوردان بۆ تورکیا لە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکە باشترە، دەنا ئەگەر عێراق هەڵبوەشێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێکبێ، ئیدی تورکیا و ئێران وەجموجۆل دەکەون، لەوانەیە هێرشی هاوبەش بۆ سەر کوردستان دەست پێبکەن!

"سێناتۆر جۆزێف بایدێن"، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندیەکانی دەرەوەی سێنای ئەمریکا و یەکێک لە کاندیدەکانی دیمۆکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە لێدوانێک دا بۆ ئەنستیتۆی نەتەوەیی ڕاگەیاندن، پێشنیاری خۆی بۆ عێراقی سێ هەرێمی فیدراڵ دووپات کردۆتەوەو ڕایگەیاندووە کە ئەگەر عێراق بەسەر سێ هەرێمی نیوە سەربەخۆ دابەش بکرێ، ڕێگری لە کێشەو گرفتەکانی داهاتوو دەکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە زۆر لەبەرژەوەندی تورکیا دا دەبێ، چونکە ئەگەر کوردستانێکی نیوە سەربەخۆ لەنێو عێراقێکی یەکگرتوودا پێکبێ ، بۆ تورکیا لە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکە باشترەو جێگەی پەسندی ئەنکارا دەبێ.

بایدێن گوتویەتی: ئەگەر ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، زۆر بە خێرایی عێراق بۆ سێ پارچە دابەش دەبێ، ئەمەش سەرچاوە لە جیاوازی ئەتنیکی، هۆزایەتی و ئایینی دەگرێ، لەوانەیە پارچەی دیکەشی لێبکەوێتەوە، ئەو کاتە کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن و کوردستانی سەربەخۆ پێکدێ، بەو بیانۆیەوە تورکیا هێرشیان دەکاتە سەر و کێشەیەکی گەورەتر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەر هەڵدەدات، بەڵام بوونی هەرێمێکی نیوەسەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوو دا بۆ تورکیا لە ئەلتەرناتیڤی سەربەخۆیی باشترە، هەرچەندە ئەمە لە خواستەکانی گەلی کورد کەمتریشە.

جێگەی ئاماژەیە کە هێنری کسینجەر و مادلین ئاڵبرایت وەزیرانی پێشووتری ئەمریکا پشتیوانی لەم پلانە دا دەکەن، ئەوانیش جەخت لەسەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ دەکەنەوە، بەڵام تا ئێستا **بووش** خۆی لەو پێشنیارانەدا دەدزێتەوە.

## کورد لە ناوبژیوانی سوننەو شیعەدا پەشیمانی بۆ دەمێنێتەوە

سەرچاوەیەکی تایبەت بە **ڕۆژی گەلی** ڕاگەیاند کە سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان لە ناوبژیوانی نێوان سوننەو شیعەدا هەست بە نیگەرانی دەکەن، چونکە گرفت و ئاستەنگەکانی نێوان سوننەو شیعەکان گەورەن و کورد توانای ناوبژیوانی نیە، بەڵام لەسەر داوای ئەمریکیەکان ڕۆڵی ناوبژیوانێکی ناکام دەگێڕن.

سەرچاوەکە جەخت دەکاتەوە کە لەوەتەی عەرەبی سوننە لە لایەن ئەمریکاوە چەکدار کراون، خەون بە گێڕانەوەی دەسەڵات دەبینن و بێباکانە هەڵوێستی توند لەهەمبەر شیعەکان پێشان دەدەن، شیعەکانیش نایانەوێ شان نزمی لەبەرانبەر ئەواندا بنوێنن، بەوهۆیەوە کێشە و گرفتی نێوانیان ئاڵۆزو ترسناکتر بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە زانراوە کە ئەمریکیەکان هەوڵی لادانی مالکی دەدەن و دەیانەوێ کەسێکی نزیک بە سوننەکان پۆستی سەرۆک وەزیریی وەربگرێ، ئەمەش لەسەر حسابی کورد تەواو دەبێ، چونکە ئێستا ژمارەیەک کەسایەتی شیعە لایەنگری لە گێڕانەوەی پۆستی سەرکۆماری بۆ سوننەکان دەکەن و دەیانەوێ کوردیش پۆستی پەرلەمانی عێراق وەربگرێ. لەم بەستێنەدا چاودێران پێیانوایە کە کورد لە ناوبژیوانی سوننەو شیعەدا سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر سوننەو شیعەکان ڕێککبکەون

## ئۆجەلان ڕەخنە لە DTP دەگرێ

**هەواڵەکان**: عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دوای گۆشەگیرکردنی سێ هەفتەیی جارێکی دیکە لەگەڵ پارێزەرانی خۆی کۆبۆوە. لەو دیدارەدا ڕەخنەی توندی لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک گرتووەو گوتوویەتی:" دەتەپە هەزاران کادری لەدەست دایە، بەڵام نازانێ کەڵکیان لێوەرگرێ. لەدەوروبەری ناوی من هاتن و چوون و 20 نوێنەریان خستەدەر. ئەگەر من نەبام چیان دەکرد، ئەگەر کەڵکیان لەناوی من وەرنەگرتبا، ئەو ئاکامەشیان وەرنەدەگرت. پێویستە کە ئەوان خۆیان سیاسەت بخوڵقێنن. سیاسەت و دیمۆکراسی شتێکی جیددیە، ئەگەر ناتوانن بیکەن، با بەجێی بهێڵن. سێ پارلەمانتاری پێشووی پارتی ڕەنج و دیمۆکراسی، لەیلا زانا و هەقاڵانی دەتوانن ئەم تەڤگەر پێشاهەنگی بکەن"

هەر لەو دیدارەدا ئۆجەلان ڕایگەیاندووە کە سەرکردەکانی پارتی جڤاکی دیموکراتیک نەیانزانیووە سیاسەت بکەن، دەنا 100 پەرلەمانتاریان دەبوو.هەروەها خواستوویەتی ئەگەر پەکەکە و دەتەپە پلان و نەخشەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە بۆ لای ئەوی ببەن تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات و ڕای خۆیانی لەسەر دیار بکات، دەنا سەرکەوتوو نابن

## حلمی ئۆزکۆک: پرسی هەرێمی کوردستان ڕامیارییە

**حلمی ئۆزکۆک** سەرۆکی پێشووی سوپای تورکیا ڕامانی خۆی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیارکردووەو سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گوتویەتی کە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) دیارەو پرسێکی ڕامیارییە.

حلمی ئۆزکۆک سەرفەرماندەیی پێشووی سوپای تورکیا کە دوژمنایەتی ئەو بۆ کێشەی کوردستان ئاشکرایە و لەسەردەمی خۆی دا زۆر دڕاندانە دوژمنایەتی کوردی کردووەو پێشتریش داوای دەکرد کە تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان بکات لە ڕامانی خۆی دا دەڵێ ( هەر سەردەم و ڕووداوێکی نوێ گۆڕانکاری نوێ لەگەڵ خۆیان دا دەهێنن، ئێستاش ڕووداوەکان ڕوانینی دابەشکردنی عێراقیان هێناوەتە ڕۆژەڤەوە، دابەشکردنی عێراق لەبەرژەوەندی هەندێ شوێن دایە و بۆ ئارامی ناوچەکەش مەترسیدارە، بەڵام ناتواندرێ یەکێتی خاکی عێراق بپارێزرێ)

حلمی ئۆزکۆک گوتویەتی (پرسی باکوری عێراق پرسێکی دەوڵەتییە و بە گشتیش سیاسییە، لەم پرسەدا شوێنی سەربازی و ئاسایشی دیارە، ئەوانیش لە پەکەکەو کۆمەڵە چەکدارەکان پێک دێن، بەوهۆیەوە ئەرکی سوپایە لەسەر ئەم پرسە ڕابوەستێ، بەڵام پرسەکە بۆخۆی پێشینەی سیاسی هەیە، دەبێ سوپاش پشتیوانی لە ئامانجی سیاسی دا بکات، هەر قسەیەکیش لەدەرەوەی سیاسەتدا بکرێ، بێ سوودە، وەکو پرنسیپ پێویستە پرسە سیاسیەکان لەسەر مێزدا دانوستاندن و گفتوگۆپان لەسەر بکرێ.

## ڕۆژەڤ

کابینەی نوری مالکی لەبەردەم هەڵوەشانەوەدایە، ماوەیەک لەمەوبەر ڕەوتی سەدر وەزارەتخانەکانیان چۆل کرد، بڕیاروابوو سەرۆک وەزیران شەش کەسی تەکنۆکرات لە شوێنی ئەوان دا بنێ، هێشتا جێگەی ئەوان پڕ نەکرابوونەوە، کەچی لە هەفتەی ڕابردوودا بەرەی تەوافقیش کە دەستکراوەترین هێزەی عەرەبی سوننەیە پشتی لە حکومەت کردو کشایەوە، ئێستا باس لە کشانەوەی لیستی ئەلعێراقیەش دەکرێ! بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێبەندی خۆی بە کابینەی نوری مالکیەوە دووپات کردۆتەوەو پێشی وایە کابینەکە هەڵناوەشێتەوە!!

دوورەپەرێزی کردن و کشانەوە لە کابینەی مالکی دا پرسیارگەلێک هەڵدەگرێ. ئایا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی سەرۆکوەزیران وای لە لیستەکانی دیکە کردووە کە پشتی تێبکەن؟! ئایا بێتوانایی وەزیرەکان هۆکاری کشانەوەی لیستەکانی دیکەیە؟! ئایا پلانێکی هەرێمی بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عێراق لە ئارادایە؟! ئایا درێژبوونەوەی توندوتیژیەکان و بێهیوابوون لە گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی وای کردووە کە مالکی بە تەنیا جێبهێڵن؟! یان هەڵوەشانەوەی عێراق لە هزری هەموان دا جێگەی گرتووە ؟!

گومان لەوە دانیە کە کشانەوەی بەرەی تەوافوق کاریگەری نەرێنی لەسەر حکومەت دادەنێ و بەرەو هەڵوەشانەوەو ئیفلیج بوونی دەبات، ڕێگری لە پێکهێنانی ئەو بەرەیەش دا دەکات کە بڕیار وایە لەنێوان چوار لایەنی" ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و حزبی دەعوەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان" دا پێکبێ، ئیدی هاوپەیمانیەتی ئەو چوار لایەنە نە کابینەی نوری مالکی بۆ ڕادەگیرێ نە توانای پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی دەبێ،بەوهۆیەوە باشترین شت ئەوەیە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بکشێتەوەو بە کردەوە مەرگی کابینەی مالکی ڕابگەیەنێ.

لە دوای ڕووخانی سەدام دا ئەوە کورد بوو کە عێراقی دروست کردەوە، بە درێژایی چوار ساڵی ڕابردووش تەنیا کورد پارسەنگی حکومەتی ڕاگرتووەو ڕێگری لە هەڵوەشانەوەی عێراق دا کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕووی ڕاستینی هێزە عێراقیەکان لەهەمبەر کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دا ئاشکرابووە، هەر هەموویان دەیانەوێ سیاسەتی بەعەرەبکردن لە شوێنی خۆی دا بمێنێتەوە، بەڵام ئایا لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە چ ئامانجێکەوە هەوڵی مانەوەی کابینەی نوری مالکی دەدات؟! ئایا ئەو هەنگاوانە چین کە سەرۆک وەزیران بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 و گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەڵی گرتۆتەوە؟! لەم بەستێنەدا دەبێ بڵێین:" ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کوردیش پشت لە بەغداد بکات و بۆ ئاواکردنی ماڵی خۆی دەست بەکاربێ و واز لە خەونی یەکپارچەیی و دیموکراتیزەکردنی عێراق بهێنێ"

## یەکیتی ئەوروپا دەخوازێ ڕۆژنامەوانە کوردەکان هەڵنەواسرێن

ڕۆژی هەینی 2007-8-4 یەکێتی ئەوروپا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە کە سزای هەڵواسین بەسەر هەردوو ڕۆژنامەوانە کوردەکە جێبەجێ نەکات و دادگەیەکی دادپەروەرانەیان بۆ پێکبهێنێ و مافی بەرگری کردنیان بۆ برەخسێنێ.

یەکێتی ئەوروپا خواستوویەتی کە عەدنان حەسەن پوور و عەبدولواحید بوتیمار دادپەروەرانە دادگەیی بکرێنەوە، بەومەرجەی لەگەڵ بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆیی و سیاسی کە ئێران پەسەند کردووە، بگونجیت.

